
ڕۆژنامەی ئاکرێ

١٩٥٠



33514

لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی

گۆران سەلام محەمەد

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: ڕۆژنامەی ئاکرێ

لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لەسەر ڕۆژنامەی ئاکرێ ١٩٥٠

نووسینی: گۆران سەلام محەمەد

بابەت: مێژووی ڕۆژنامەگەریی

تایپ و زمانەوانی: نووسەر

دیزاینی ناوەڕۆک: پێشەوا شێخ ڕەئووف

دیزاینی بەرگ : ئەحمەد بابا

چاپخانە: حەمدی

شوێنی چاپ: سلێمانی

نۆبەت و ساڵی چاپ: یەکەم، ٢٠٢١ زایینی

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارە سپاردنی (١٧٠٦)ی ساڵی ٢٠٢١ی پێدراوە

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

ناواخن

بابەت	لاپەڕە
سوپاس و پێزانین	٦
پێشکەشە	٧
وتەیەکی پێویست	٨
ناوچەی ئاکرێ (شاکر فەتاح)	٩
سنووقی پرسیار و پرس و پێشنیار	٢٠
لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەن لەسەر ڕۆژنامەی ئاکرێ	٢١
یەکەم: مێژووی ڕۆژنامەی ئاکرێ	٢٢
دووەم: هەڵسەنگاندنێکی مێژوویی بۆ ڕۆژگاری دەرچوونی ڕۆژنامەی ئاکرێ	٢٣
سێیەم: ناوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاری	٢٤
چوارەم: خوێندەواری و زانیاری و چالاکی ڕۆشنبیری	٢٥
پێنجەم: پێشنیازەکان	٢٧
شەشەم: گاڵتە و گەپ و پێکەنین و مەتەڵ	٢٨
حەوتەم: کۆمەڵایەتی و هەواڵەکانی ناوخۆی ئاکرێ	٢٩
هەشتەم: بابەتە دارایی و ئابوورییەکان	٣٠
نۆیەم: بابەتە وێژەییەکان	٣٠
دەیەم: بابەتە تەندروستییەکان	٣١
یانزەیەم: بابەتە کشتوکاڵییەکان	٣١
دوانزەیەم: تەواوی ژمارەکانی ڕۆژنامەکە بە ڕێنووسی نوێ	٣٢
چەند وێنەیەکی شاکر فەتاح	١١٤
نووسەر لە چەند دێڕێکدا	١٣٠

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

وتەیەکی پێویست

ئەم لێکۆڵینەوەیە سێیەم بەرهەمی پۆژنامەوانیمانە لەسەر مامۆستا شاکر فەتاح لە لێکۆڵینەوەی یەکەمدا تەواوی وردەکارییەکانی ژیانی و بەرهەمەکانی ئامارژەی پێدراوە بە ناوی "پۆژنامەی خورمالێ ١٩٤٠" لە دووەمدا لێکۆڵینەوە لەسەر "کۆمەڵە پۆژنامەی چەمچەمالێ ١٩٤٦" کراوە، بۆیە بە پێویستمان نەزانی دووبارە لێرەدا ئامارژەیان پێ بدەینەوە، بۆ زانیاری لەسەر ئەو دوو بابەتە دەکرێت تووژەر و خوێنەر بگەڕێتەوە بۆ بەرهەمی یەکەم و دووەم، شایەنی باسە لە پرووی ماوەی زەمەنیشەوە ئەو دوو پۆژنامەیە پێش پۆژنامەی ئاکرێ دەرچوون.

ئەم تووێژینەوەیە دابەش کراوە بۆ چەند بابەتێکی سەرەکی لە پۆژنامەکەدا لە بارەیانەوە نووسراوە و گرنگییان پێدراوە، پێکهاتووە لە سیازدە تەوەر، ئەوانیش: (مێژووی پۆژنامەی ئاکرێ، هەڵسەنگاندنێکی مێژوویی بۆ پۆژگاری دەرچوونی پۆژنامەی ئاکرێ، دەنگوباسی دەرەوە، گاڵتە و گەپ و پێکەنین و مەتەڵی پۆژنامەکە، بابەتەکانی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاری پۆژنامەکە، بابەتەکانی خوێندەواری، پۆشنبیری و زانیاری پۆژنامەکە، بابەتەکانی کۆمەڵایەتی و هەواڵەکانی ناوخۆی ئاکرێ، بابەتە وێژەییەکانی پۆژنامەکە، بابەتە ئابووریەکانی پۆژنامەکە، بابەتە تەندروستییەکانی پۆژنامەکە، بابەتە کشتوکاڵییەکانی پۆژنامەکە، بابەتە مێژووییەکانی پۆژنامەکە، لە کۆتایی هەر تەوەرێکیشدا بیبلۆگرافیا بۆ بابەتەکان کراوە دواتر تەواوی وێنە (نسخە)ی پۆژنامەکە بە پێنووسی نوێ دانراوە).

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

وتەیەکی مامۆستا شاکر فەتاح

ناوچەی ئاکرێ لە سالی ١٩٥٠-١٩٥٦دا

١

لە ١٩٥٠/٦/١١دا گەیشتمە ئاکرێ، ئەو کزەبا فێنکەی لە شاخە بەرزەکانی ئاکرێوە دەهات، لەگەڵ چاو ئەندازە جوانەکانی شاخ و باخەکانی و ڕێکوپێکی شارەکە و دڵتەڕی دانیشتووەکانی ماندوێتی ڕێگایان لە بیر بردمەوە، زۆر دڵخۆش بووم بە شارستانێتی ئاکرێ، ئەو ئێوارەیە بە مل کەچییەکەوە کڕنووشی سوپاس و نەوازشم کێشا بۆ خودا، کە بۆ ئەو شوێنە خۆشە گوێزرامەوە، ئاکرێ هەزار و سەد ماڵێك و پێنج هەزار کەسێکی تێدابوو، ژمارە سەری هەموو ناوچەکەیش ٣٥٠٠٠ کەسێك دەبوو، بە هۆی ئەو ٥٠٠ سەربازەوە کە لەوێ جێ گیر بوو بوون، هەروەها بە هۆی هاتووچۆی زێباری و بارزانییەکانەوە بۆ ئەوێ، بازاڕەکەی لە گەڕدابوو، بارستایی ژیانی دانیشتووەکانی لە هیی هەموو باژێڕەکانی تری (بادینان)م باشتر هاتە پێش چاو، دانیشتووەکانی هەر چەندە ناکۆکی و بەربەرەکانێ یان لەناودا هەبوو بەهۆی هۆزایەتی (بارزانی، سورچی، زرێباری و هەرکی)یەوە، بەڵام ڕەووشت و خودیەکی شارستانیم تێدا دەدی، پیاوی بە چنگ و وریام زۆر تێدا دەدی، هەموو تینووی پێشکەوتن بوون، داوای بە هێزکردنی پڕۆژەی ئاو و کارەبا و کردنەوەی خوێندنگا و پاکوخاوێنیی شەقامەکان و کردنەوەی ڕێگایان دەکرد، چ بۆ ئاکرێ و چ بۆ بنکەی لادێ یەکان، تا لەوێدا بووم هەستم بە خۆشەویستی و یارمەتی یان کرد،

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library